The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.be

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd*
*CAK*
chak_org@yahoo.com

## ناوەندی چاك پشتیوانی لە خوێندكارانی زیندانی و
## سەرجەم زیندانیانی سیاسی كورد و ئێرانی دەكات

**كۆماری ئیسلامی ئێران لە یەكەم ڕۆژی هاتنە سەركارییەوە , هەڵمەتی سەركوتكردنی گەلی گرتە بەر و زیندانەكانی لە ئازادیخوازان پڕكرد , زیندانی ئیڤین وەك باستیل بووە یەكێك لە زیندانە بەناوبانگەكانی جیهان .**

**ڕۆژی هەینی 2007-12-28 ڕۆژی هاوپشتی جیهانییە لە خوێندكارانی زیندانی ئێرانی , ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی ڕژێمی سەركەوتكەری كۆماری ئیسلامی ئێرانە لە ناوخۆو هاندەران , ڕۆژی شەرمەزاركردنی ئەو ڕژێمەیە كە ئەڤینی پڕ كردووە لە ئازادیخوازان**

.

**ناوەندی چاك-كۆمیتەی خۆرهەڵات بانگەوازتان دەكات لەم ڕۆژەدا یەكگرتووانە سیاسەتە سەركوتگەرییەكانی كۆماری ئیسلامی ئێران پرۆتستۆ بكەین , هاوكات داخوازە ئێمەی كوردیش یەك دەنگ داوای ئازادی بۆ زیندانییە سیاسییەكا نمان بكەین .**

**ئازادی بۆ سەرجەم زیندانیانی سیاسی و هەڵگرتنی بڕیاری لە سێدارەدان لە ئێران پێویستە ببێتە داخوازی گشتی و دەستبەجێ , لە پێشیانەوە ئازادی بۆ عەدنان حەسەن پوور و هیوا بۆتیمار و مەحمود ساڵحی و سدیق كەبودبەند و فەرزاد كەمانگەر و ئاسۆ كورد نەسەب و ڕوناك سەفا زادە و سەرجەم زیندانیانی دیكەی كورد .**

**سەركەوتن هەر بۆ ئازادی و ئازادیخوازانە**

**ناوەندی چاك-كۆمیتەی خۆرهەڵات**

2007-12-25

www.chak.be